کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
25-6-2007 13:45بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## بۆ هەمیشە گلەیی و گازەندەمان لە دەسەڵات هەیە.. ؟ هەورامان علی تۆفیق

حکومەت و دەسەڵات وەك ڕێکخەرێك بۆ ژیان و گوزەران و بەڕێوەبردنی کاروبارە ئاساییەکانی کۆمەڵگا



و بەرنامەڕێژی و کاری ئایندەیی لەو کاتە وەختەی کە دەسەڵاتدارەوە حکومڕانی ووڵات دەکات و لە ئانوو ساتە یاساییانەیدا کە بە پێی هەڵبژاردن دەسەڵات دەگرێتە دەست، ئەو کات دەکرێ وەك نوێنەرێکی ڕاستەقینەی جەماوەر تەماشابکرێت، ئەگەر دەسەڵاتیش دیکتاتۆرو تاك ڕەوبێت و لەدیدوو بڕوایی یاسایی و هەڵبژاردنەوە لە مەسەلەکان نەڕوانێت ئەوە لێرەدا پێویستی بەلێدوان و باسی تایبەت هەیە.. من لێرەدا باس لە شێوە دەسەڵاتی کوردی و ئەو گرفتانەی کە وایان لێکردوون هەمیشە و بەبێ وەستان گلەیی و گازندەمان لە دەسەڵاتی کوردی هەبێت وبەچاك و خراپ گلەیی و گازەندەو ڕەخنەکانمان ئاراستەی ئەودەسەڵاتە بکەین و ئەو بیرو ڕایانە کۆمان بکەنەوە کە تائێستا ئەو دەسەڵات و کابینەی حکومەتانەی کە کاروباری ئەو هەرێمەیان بەدەستەوە گرتووە لەو ئاستەدانەبوون و هەمیشەش جێگای گلەیی و گازندەیی هاووڵاتاین بوون... بێ گومان هیچ کاتێك و لەهیچ زەمەنێکدا ناتوانرێت ئەو دەسەڵاتە بەرقەراربکەین کە تەواووی جەماوەر لێ ی ڕازبێت و لەسەدا سەد ئەو دەسەڵاتە لەئاست ئەرکەکانی سەرکەوتووبێت و ئەمەش نەك تەنها لەووڵاتی ئێمەدا بوونی نابێت دەتوانین بڵێین لەتەواووی دونیا دا ئەم شێوە دەسەڵاتە بوونی نیەو نەش بووە و ناشبێت.. ئەرکی دەسەڵات و و چۆنیەتی بەڕێوەبردنی کاروباری ووڵات لەماوەی کارکردنی دا بەرامبەر بەم فاکتەرانە دەبێ پلانرێژی دیارو بەرچاو ئاشکرایی بەبێ نهێنی و سست بوون بەدیار بێت و نەبوونی لایەنی شاراوە و دوروپەرێزی لەجەماوەر و هەمیشەش بەدواچوون و دۆزینەوەی ڕێگا چارە بۆ گرفتەکانی هاووڵاتیان بەو خێراییەی کە نەبێتە مایەیی نیگەرانی یا بەو شێوەی کە ئەمڕۆ دەسەڵاتی ئیداری لە هەرێمی کوردستان کاری لەسەر دەکات..

تاك و کۆمەڵگا و دەسەڵات:

گرنگە دەسەڵات تێڕوانینی دیار و بەرچاوی هەبێت بۆ بەرزڕاگرتنی ئاستی تاك لەو کۆمەڵگایەدا لەڕووی ئابوری و کۆمەلایەتی و ڕۆشنبیری و تەندروستی و زانستی و پەروەردەیی و سەرجەم ئەو بەشانەی کە پەیوەندیان بەتاکەوە هەیە.. واتە کاتێك لە چوارچێوەی ئەو دەسەڵاتەدا تاك لە گوزەران و ژیان پێداویستیەکانی دا فەراهەم نەکرێت و ئەوەی بۆ باش کردن و بەرزکردنەوەی ئاستی گزەران و ژیانی و کەم کردنەوەی گرفت و خۆشبەختی و ئارامی دابێت کاری بۆبکرێت و ئاستە ڕۆشنبیری و زانستیەکان لەو پێناوەدا وەگەربخرێن و یەکەم کارو پلانی ئەو دەسەڵاتە بێت و بەبەرنامەو پلانی ئاشکرا بخرێتە بەردەم جەماوەرو کاری خێراو هەنگاوی بەپەلەی بۆ بنرێت و لە ژێر ڕکێفی دروشم و نووسینی سەرکاغەزو ووتاری سیاسی و قسەو باسی کۆبونەوەو چاوپێکەوتن ولەچوارچێوەی کۆڕو سیمینارەکاندا بێتە دەرێ و بکەوێتە ئاستی جێبەجێ کردنەوە و شتێك بوونی هەبێت کە کاری بۆدەکرێت و ئەو هەنگاوەش ئایندەییە چونکە ئێمەی کورد هەمیشە لەبەر یەك نەبوون و دلسۆزیمان بەلایەنی نەتەوایەتی خۆمان و گۆڕینەوەی بە هەندێ بەرژەوەندی دی، ئەو ماوەیە نارەخسێت ئەو دروشم و مانشێتی سەر ڕۆژنامەکان بکەونە ئاستی جێبەجێ کردنەوە..

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
25-6-2007 13:45بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

هەندێك لەو گرفتانەی كە تەنگی بەتاك و كۆمەڵگا هەڵچنی وە و بێ خەمی و بەدەمەوە نەچوونی دەسەلآت و بوونی سستی لە بەئەنجام گەیاندیانی كارە خزمەتگوزاریەكاندا دا ئەو گلەیی و گازەندانەی زیاتر كردوون.. گرفتی لادێكان و چۆڵكردنیان هاتنی هاوولآتیان بۆ شارەكان بەهۆیی نەبوونی خزمەتگوزاریەكان لە خوێندنگاو نەخۆشخانەوە و ڕێگاوبانی پێویست و سەختی گواستنەوەو نەبوونی كارئاسنی و دواتر ئاو كارەباو و گرفتی كشتوكاڵی بەهەموو لایەنەكانیەوە.. كە لێرەدا بۆ دارشتنی بەرنامەی پتەو كاریگەر دەبوو سەرەتا لە لادێكانەوە دەست بەئاوەدانكردنەوەو بنیادنانەوە بكرایەو ئەو لادێ و دێهاتانەی كە بەدەستی ڕژێمی بەعسی سوتێنران ئەمڕۆ بەنوێ ترین و باشترین شێوە دروست بكرانایەتەوەو ئەوەش دەبوو دەسەلآتی مەركەزی وەك قەرەبوو ئەو پرۆژەیەیان بەڕێوە ببردایە و هەرنەبوایە هاوشانی شارەكان پێشكەوتن و ئاوەدانی بەخۆیەوە ببینیایە بەهەموو لایەنەكانی ژیانەوە.

دواتر پرسە ناوخۆیەكان و ئەو كێشەو بیرو بۆچونە یەك نەگرتوانەی كە ماڵی كوردی لەمڕۆ بەداو لەهەموو ڕۆژەكانی تر پێویستی پێ یەتی و بچوك ترین لادان و سستی و كەم تەرخەمی و هەڵەی سیاسی هەڵێكە و دوژمنانی كوردەوە سوودی لێوەردەگرن وەك ئەو هەنگاوەی كە لەلایەن یەكگرتووی ئیسلامیەوە نرا بۆ پێك هێنانی بەرەیەكی عێراقی.. ڕەنگە هەنگاوەكان بەو شێوەیە نەبووبن كە ئێمە هەستیان پێدەكەین و لەلایەن خۆمانەوە بەبوونی ترس و ناسك بوونی دۆخی سیاسی ئەمڕۆی كورد لێكیان دەدەینەوە لەوانەیە لایەنێكی وەك یەكگرتوو بەوشێوەیە بیری نەكردبێتەوە، بێگومان ئەوانیش بەشێكن لەو دەسەلآتە و كاتێك ڕەخنە لە حكومەت و دەسەلآتی ئیداری هەرێم دەگرێت ئەوە هەموو ئەو لایەنانە دەگرێتەوە كە بەشدار لەبەڕێوەبردنی كاروباری ئیداری ئەو حكومەتە.. بۆیە پرسە نەتەوەییەكان هەمیشە گرنگە بەو هەستە نەتەوایەتیە خەستەوە سەیر بكرێت و هیچ بیرو ئایدیالۆژیایەك و بڕوایەتی دی كە دوربێت لە خواستە نەتەوەییەكانەوە وەلانرێت.. دوور نەكەوتنەوەلە بیرو بۆچوونە حزبیە تەسكەكان و خۆتەرخان نەكردن بۆ كوردایەتی و بیری نەتەوەیی ئەمەش كەلێنێكە هەمیشە لەماڵی كوردا بوونی هەبووە بەردەوامیش لە كردنەوەی ئەم درگایەوە دووژمنان زەفەریان پێ بردوون، ئەگەر كورد ئەمڕۆ گرفتی نەتەوەیی هەبێت و لەدەرگایی بیرتەسكیەوە هەنگاو بنێت و لەدیدی ئاینەوە بیر لە ڕێگا چارەی نەتەوەیی بكرێتەوە ئەوە بەو پەڕی بڕواوە حاڵمان لەوەی ئێستا باشتر نابێت و بەدڵنیایەوە بەرەو خراپتریش دەچین.. كۆكردنەوەی فكری نەتەوایەتی لەچوارچێوەی كوردایەتی و بەرژەوەندە نەتەوەییەكاندا تەنها هێزێكە دەتوانین لێوەی خۆمان بەو شێوەیە نیشان بدەین كە ئێمەش نەتەوەیەكین و بوونمان هەیەو هیچمان لە دەوروبەرمان كەمترنیە و كاتی ئەوەش هاتووە ئێمەش وەك هەموو نەتەوەكانی دی بەسەر بەستی بژین و ئایندەی نەتەوەیی خۆمان دیاربكەن و بتوانین كاری ڕاست و پاشەڕۆژیانەی بۆ بكەن..

خۆڕێك خستنەوە و یەكبوونی ماڵی كورد هەنگاوێكە بۆ پوچەڵكردنەوەی پلان و هەنگاوەكانی دووژمنان و پاشانیش هۆكارێكە بۆ بەهێزبوونی لایەنی كورد بۆ پێداگرتن لەسەر برسە نەتەوەییەكانی و گەیشتن بەهیواو خواستە نەتەوەییەكانی لە جێبەجێ كردنی ماددەی 140 و لایەنە هەڵواسراوەكانی نیو دەستوری عێراقی و كێشە سەروەت و سامانی عێراق و پێشمەرگەو پەیوندیە ئیداری و ئابووریەكان لەنێوان دەسەلآتی فیدراڵی و هەرێمی كوردستان و دەیان كێشەی دی كە هێشتا بەهەڵواسراوەیی ماونەتەوەو پێویستیان بەكارو ماندوو بوون و سوربوونی لایەنی كوردی و پێداگرتن لەسەریان و موساوەمەنەكردن پێوەیان... لێرەدا ئەركەكانی دەسەلآت چڕو پڕن و هەندێ جاریش دەمان خەنە ئاستێك كە مەترسی و ڕەش بینی پێوە دیار بێت.. بەلآم ئەوەش ناگەیەنێ كە دەسەلآت جەماوەری

ئەو نووسینانەی لە كوردستان نێت دا بڵاودەكرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەكانیانە، كوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

خۆیی پشگوێ بخات و بیر لەهیچی دی نەکاتەوە و تەنها ئەو گەندەڵی و گرفتە ئیداری و ئابوری و کۆمەڵایەتیانە شێواندنیان چونکە بوونی گەندەڵی و لێ نەپرسینەوە و پێشگوێ خستن و هێواشی و گرنگی نەدان بە ترسناکی گرفتەکان بەخۆیی کێشەیەکە و دەبێ ترسمان لێ هەبێت و بەگرنگیەوە داکۆکی لەسەر بکەین و هەمیشە هەموو ڕۆشبیران لەووتنەوەی ئەو ڕاستیانەدابن... بۆیە چاکسازی پێویستە بەهاوشانی هەنگاوەکانی دی دا هەنگاو بنێ.. ئەمڕۆ ئەوەی دەگری لەمنداڵەوە تا گەورە ئەوەی دەزانرێت ئەوەیە ئەم حکومەتە هیچی بۆ نەکردووین و پێویستە ئەوە بکات و ئەو کەم کوڕیانەی هەیە و فلان گرفت لەئەستۆیی دەسەڵاتە، بۆ سەرجەم کێشەکان و کەم کوڕیەکان و ئەرك و شێوەی جێبەجێ کردنیان دەکەوێتە ئەستۆیی دەسەڵاتەوە و دەسەڵاتیش لێیان بەپرسە..

لێرەدا ئەرکی دووەمی دەسەڵات لەتاکەوە بۆ کۆمەڵگا دەگوازرێتەوە، واتە کاتێك توانرا تاك لەگرفت و کێشەو پێداویستی یەکانی

ڕۆژانە ریپۆرتاژی کەناڵە ئاسمانیەکان ئەو ڕاستیانەمان نیشان دەدەن.. ئەمەش زەنگێکی ترسناکەو دەبێ دەسەڵات دەرك بەوە بکات هەمیشە دەسەڵات بەو دڵخۆش نەبێت کە کاردەکات و ئەوەی کردووە.. بێ گومان دەبێ زیاتر بکات و ئەوەش کارو ئەرکی ئاسایی ئەوە و دەبێ بیرلەوە بکاتەوە هەڵە لەکوێدایە بۆ ئەوەی دەکرێ و ئەوەی سەرف دەکرێت جێگای خۆیی ناگرێت یان بهەڵە دەکرێت و لەشوێنی پێویست و لەکاتی پێویست دانیە ئەوانەی ئەم کارانە دەکەن و ئەم بیر بۆچوونانەیان هەیە و جێگای متمانەوە ڕاوێژکاری دەسەڵاتن لەو ئاستەدانین و ناتوانن کارەکانیان بەئەنجام بگەیەنێن یا گرفت و سستی و کەم تەرخەمی لە جێبەجێ کردندایەوە و دیاردەیی گەندەڵی هۆکاری سەرەکیە.. ئەمانە چەندین پرسیارن و دەبێ دەسەڵات لەخۆیی بکات.. ئەگەر وەڵامێك بۆ پرسیارەکانی نەدۆزێتەوە و بەخێرایی چارەسەریان نەکات ئەو پرسی کورد و کێشەکەی بەرەو خراپترو ئاڵۆزتربوون دەچێت و لەدوایی لەدەست دەرچوون گەڕانەوەی گرانە و ئەوەی زەرەرمەند دەبێت تەنها کۆمەڵگایە..

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.